## عەبدوڵا پەشێو:

# لەهەموو شتێکیش کەمتر شیعر دەخوێنمەوە

سازدانی:
زانکۆ ئەحمەد ـ هەولێر

**عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر ساڵی ١٩٧٣ چووەتە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، لەئینستۆی زمانەوانی (مۆریس تۆرێز) خوێندویەتی. ماستەرنامەکەی لەبواری وەرگێڕاندا بووە، لەساڵی ١٩٨٤ لەئینستۆتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤێت درێژەی بەخوێندن داوە و دکتۆرای لەسەر داهێنانەکانی پیرەمێرد بەدەست هێناوە.**
**پەشێوی شاعیر ئێستا لەوڵاتی فینلەندا دەژیو لەگەڕانەوەیدا بۆ کوردستان (ئاوێنە) دیدارێکی تایبەتی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەمە دەقەکەیەتی.**

* ئاوێنە: تەکنیکی شیعری ئێوە تەکنیکێکە لەناوەڕاستی شەستەکانەوە تائێستا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، هۆکاری ئەمە چییە؟، ئایا بیرتان لەگۆڕانکاری نەکردۆتەوە ؟

* پەشێو: من قەت هەوڵ نادەم تەکنیکی شیعر بگۆڕم، مەگەر شیعر خۆی تەکنیکێک بسەپێنێتە سەر من، دەنا من هەرگیز هەوڵم نەداوە میتۆدی شیعری خۆم بگۆڕم، لەرووی تیۆریشەوە بەدرێژایی ژیانم بیرم لەتیۆریای شیعر نەکردۆتەوە و هیچیشی لێ نازانم، من تێکست دەنوسمو هەوڵ دەدەم بەدرێژایی ژیانم راستگۆبم. راستگۆیی پێوانەی یەکەمی شیعری سەرکەوتووە.

* ئاوێنە: باشە پێتان وایە کورتەشیعر تائێستا کاریگەری خۆی مابێت؟

* پەشێو: هیچ گومانی تێدا نییە. تەماشاکەن کۆڕە شیعریەکانی من چۆن بەڕێوە دەچن. من دژی زۆرلەخۆکردنم . شعر خۆی فۆرمێکی لەبار بۆخۆی دەدۆزێتەوە.

* ئاوێنە: ئێستا , زۆربەی ئەو شیعرانەی هەن من هەست دەکەم شتێک ئامادە نییە تێیاندا، بابڵێین رۆحیان تێدا نییە، تا ئەو رادەیەی هەندێک شیعر هەن , دەڵێی لەزمانێکی ترەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، هۆکاری ئەمە چییە؟

* پەشێو: من کەمێک لەمەوبەر وشەیەکم بەکارهێنا، وشەی راستگۆیی، کەتەواو مەبەستم ئەوەیە کەئێستا جەنابت باسی دەکەیت، گەنجێک دەبێت وەکو گەنج بنوسێت، تەمەن شانزە ساڵێک دەبێت بەگوێرەی تەمەنەکەی خۆی بنوسێت. بەڵام هەندێک جار شانزە ساڵییەکی ئێمە وەک شاعرێکی تەمەن حەفتا ساڵی رۆژئاوایی دەنووسێ. بەزۆر وا لەخۆی دەکات. وەچەی ئێمە , بابڵێین وەچەی ناوەڕاستی شەستەکان و حەفتاکان , هەتا هەشتاکانیش، ئەو وەچەیە گوزارشتیان لەخۆیان دەکرد، من گەنج بووم وەک گەنج دەمنوسی، لەشانزە ساڵیدا لەسەر ئەو شتەم دەنوسی کە لەژێر لێفە بیرم لێدەکردەوە.

* ئاوێنە: تۆ دەڵێی شیعری ئێستا راستگۆییان تێدا نییە؟

* پەشێو: نازانم، بادرۆت لەگەڵ نەکەم شیعری تازە کەم دەخوێنمەوە. لەهەموو شتێکیش کەمتر شیعر دەخوێنمەوە.

* ئاوێنە: رەنگە ئەمە زانیاریەکی تازە بێت!!

* پەشێو: بەڵێ، شیعر زۆر بەکەمی دەخوێنمەوە، چونکە شیعر زۆر کەم دەبینم. من ئێستا لەخۆشم رازی نیم، بۆ زانینت هەندێک شیعر هەیە دە، یان بیست ساڵ لام دەمێنێتەوە هەر رێگەی نادەم بڵاوببێتەوە. زۆر شیعری خۆم دەفەوتێنم یان دەیاندڕێنم، چونکە بەدڵم نین. ناموروژێنن.

* ئاوێنە: بۆچی هەمیشە بەحەماسەوە شیعر دەخوێنیتەوە؟

* پەشێو: ئەوەیان شیعر دەیزانێت. کەمجار هەیە لەشیعری دڵداریدا حەماس هەبێت. بەڵام هەندێ جاران لەشیعری کۆمەڵایەتیی گەرمدا ئەو حەماسە خۆی دەسەپێنێ. شێوەی خوێندنەوەی شیعر بە بڕیارێکی پیشوەخت نییە. پێش خوێندنەوە قەت بیر لەوە ناکەمەوە شیعرێک بەحەماسەوە بخوێنمەوە یان نا.

* ئاوێنە: باشە بۆ هەمیشە خەڵک وا هەست دەکات تۆکەسێکی تورەیت؟ ئەوە چییە تۆی تورە کردووە؟

* پەشێو: من هەمیشە لەسەرخۆم، بەڵام کە زوڵمو ستەم دەبینم تورە دەبم. من لەمنداڵیەوە ستەمم زۆر دیوەو تەحەمولی ستەم و بێدادی ناکەم. جا با ئەو ستەمە لەسەر مرۆڤ یان لەسەر جوجەڵەیەکیش بێت .من کەدەبینم دەسەڵات ستەم لەگەڵەکەم دەکات تورە دەبم.

* ئاوێنە: رەخنەی ئێوە لەدەسەڵاتو گەندەڵییەکانی هەمیشە لەڕێی شیعرەوەیە، ئایا شیعر دەتوانێت ئەو رۆڵە ببینێت؟

* پەشێو: بەدڵنیاییەوە دەتوانێتو توانیویەتی.

* ئاوێنە: بۆچی هەمیشە کەناوی تۆ دێت خەڵک زیاتر شیعرە سیاسییەکانیان لەبەرچاون، لەکاتێکدا بەسەدان شیعری ناسیاسیت هەن؟

* پەشێو: من شیعری ناسیاسیم ئێجگار زۆرە . لەم چەند ساڵەی دواییدا دوو کۆمەڵە شیعرم چاپکردن (بروسکە چاندن)و (بەرەو زەردەپەڕ)، کە نزیکەی سەدو شەست شیعریان تێدابوو. کەم شیعری سیاسیی گەرموگوریان تێدا بوو. هەمیشە باسی شیعری (براکوژی)دەکرێت کە یەکجار لەهەولێر خوێندرایەوە لەماوەی پەنجا دەقیقەداو لەهیچ شوێنێکی تر دووبارە نەکرایەوە .تەنیا چەند دانەیێکم لەو شیعرە بەدستخەتی خۆم لە هەولێر بلاوکردنەوە .چەند دانەیک و بەس . ئەوە خەڵکە چاپیدەکاتو دەستاو دەستی پێدەکاتو ناهێڵێت بڕاکێت، پیرۆزیان بێت.بووە بە موڵکی خۆیان و هەربۆ ئەوەش کاتی خۆی نووسرا.

(دوانزە وانە بۆ منداڵان)یش.. بۆ زانیاریتان، تەنیا چەند دانەیەکی لەبەرلین بەدەستی خۆم نووسرایەوە. یەکجار لەفێستیڤاڵێک , لە کەرکوک خوێنرایەوە، ئەوەی تری خەڵک بەخێوی دەکات. ئەوا چەند ساڵە دەژین، ئەو شیعرانە لەناوناچن. بەڵام پێم ناخۆشە کەوادەزانن من هەر شیعری سیاسی دەنووسم. ئەوەی من لەکاتی شەڕی براکوژیدا نووسیم هەڵوێستێکی ئەخلاقی بوو. منێک بە ماڵو منداڵەوە بچمە هۆڵێک، کۆڕێکی شیعری لەشارێکدا بکەم کە دەیان هەزار چەکداری تێدابێت، ئەو هەڵوێستە شیعرییە ئەخلاقییە بنوێنم، ئینجا رەخنەشم لێ بگرن ! وەڵڵا شیعری گەرمی گوت! بەکوشتنی هەزاران کەس تێکنەچوون، بەڵام بەگوتنی دوو شیعری گەرم تێکچوون!

* ئاوێنە: کە خەڵک ئەم شیعرانەیان هەمیشە لەسەر زارە، بەڕای تۆ هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ کەمی ئەم هەڵوێستانە لای کەسانی تر؟

* پەشێو: مەسەلەکە هەر هەڵوێست نییە. ئەگەر من بچومایە بە قسەی رووت بموتایە شەڕ مەکەن، چی رووی دەدا؟! خۆ هەزاران خوتبە درانو هەزاران وەفد هاتن و چوون، بەڵام بۆ هیچیان بەوشێوەیە بڵاونەبوونەوە؟! خۆ خەڵکی تریش هەڵوێستیان هەبوو. بۆچی تەنیا (دیوانی براکوژی)سەتان هەزاری لێ بلاوبووەوە چ بە کتێب چ بە کاسێت.

* ئاوێنە: ئەو نهێنییە چییە؟

* پەشێو: نازانم. رەنگە مەسەلەیەکی ئەخلاقی لەپشتەوە بێ. هەموو کەس ناتوانێ گشت بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبن پێی بنێ و هەڵوێست وەربگرێ بەرامبەر دەسەڵاتێک کە تەڕ و وشکی لەبەردەستدایە .هەڵوێست وەرگرتن باجی لە سەرە . من ئامادەم ئەو باجە بدەمو داویشمە.

* ئاوێنە: بۆچی ئەوەندە دژی دەسەڵاتیت؟

* پەشێو: من بەدرێژایی تەمەنم پەیوەندیم لەگەڵ دەسەڵاتدا باش نەبووە و بەسەرچاوەی ستەمم زانیوە. ئێستاش لەکوردستاندا ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە بەسەرچاوەی ستەمی دەزانم. ئەوەی دەیکەن زۆر گەورەترە لەگەندەڵی. گەندەڵی لە زۆر جێ هەیە . بەڵام لەو جێیانە ریزپەڕ و نائاساییە ,هەرچی لە کوردستانە , گەندەڵی دیاردەیەکی سیستێماتیکی ئیقلیمگیری ئاساییە. دەسەلات و کۆمەڵگا لەپەنجەی پێوە تا تەوقی سەر تێیکەوتوون. ولاتێک نە دەستوور , نە یاسا , نە نەریتی حوکمی تێدابێ ,چاوەڕێی چی لێ دەکەی دڵنیابن ئەوەی هەیە هەرگیز گەندەڵی نییەو زۆر گەورەترە. باشە گەندەڵی لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە؟! بێگومان لەدەسەڵاتی حزبەوەیە. لێرە حزب بەدیلی دەوڵەتە. حزب حوکم دەکات. لە شارەکانی کوردستان , زۆربەی گەڕەکەکان کتێبخانەی گشتیان تێدا نییە، هۆیەکانی گواستنەوەیان تێدا نییە، لقی بانکێکیان تێدا نییە، پۆستەخانەیان تێدا نییە، کەچی دنیایەک لقو مەڵبەندی حزبیان تێدایە!لەم ولاتەدا هموو بوارەکانی ژیان تا بینەقاقا حیزباوین.

* ئاوێنە: ئەوان ناوی دەنێن: گەندەڵی، تۆ ناوی دەنێی چی؟

* پەشێو: نازانم. لەهەموو دنیادا حزبی تۆتالیتاری چەند نموونەیەکی کەمی وەک حزبی بەعسی سوری و حزبی کۆمۆنیستی کۆریای باکوور ماوە. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆربەی حزبەکانی دونیا حزبی بەلشەڤیکی روسییان کرد بەمۆدێل. دواتر ئەو مۆدێلە رووخا، کەچی کۆپیەکانی ماون. لەوڵاتی ئێمە ئەوەتا کۆپیەکەی دەبینرێت. حزب دەست بەسەر داهات و تەڕو وشکی وڵاتدا دەگرێت .

* ئاوێنە: تۆ لە زۆر دیداردا دەڵێیت (رووم لەجەماوەرە و پشتم لەدەسەڵاتە)، ئەمە بەو مانایە کەدەسەڵات و جەماوەر لای ئێمە بەدوو ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆن؟

* پەشێو: بەڵێ.. کوردستان وڵاتی هەڤوڵات (هاونشتیمان) نییە. مەگەر ئەندامی حزبی دەسەڵاتداربیت !

* ئاوێنە: لەهەموو جێگەیەکدا ئێوە خوازیاری یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەن. بەبڕوای ئێوە چییە کە ناهێڵێت دوو ئیدارەکە یەکبگرنەوە؟

* پەشێو: هەمیشە دەڵێم دوو جۆر یەکگرتنەوە هەیە، یەکگرتنەوەیەکیان بڕیارێکی سیاسی لەپشتەوەیەو هەڵوێستێکی ئەخلاقی نەتەوەیی دەبێتە پاڵپشتی.

یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا , گەرچی دوو سیستەم و دوو لەشکرگە و دوو دراوی جیاوازیان هەبوو، بە بڕیارێکی سیاسی ، لەچەند سەعاتێکدا ئەو یەکگرتنەوەیە بەئەنجام گەیشت.. لەم ماوەیەی پێشوودا گوێم لە بەرپرسێک بوو دەیووت یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە تەنها میکانیزمی ماوە، وەک ئەوەی بلێی ئەو لەمیکانیزم دەگات، تۆ بلێی ئابووری وکولتووری هەولێر و کۆیە ئەوەندە جودابن ,کەیەکگرتنەوەیان زەحمەت بێ!

جۆری دووەمی یەکگرتنەوە ئەوەیە دوو کۆمپانیای قاچاخچی یەکبگرنەوە. هەڵبەتە ئەو دوو کۆمپانیایە حیساب لەگەڵ یەکتر دەکەن، تۆ چەند قازانج دەکەیت من چەند قازانج دەکەم. تۆ چەندت دەچێتە ناو گیرفان، من چەندم دەچێتە ناو گیرفان. ئەمەیە وا دەکات یەکگرتنەوە مەحاڵ بێت. ئێمە هەشت ساڵە چاوەڕێی یەکگرتنەوەی دوو کۆمپانیای قاچاخچین. ئەوانە یەکتر ناگرنەوە. من ئێستا پێت دەڵێم، ئەگەر بڕیارێکی سیاسی و ئەخلاقی نەبێت، قەت یەک ناگرنەوە .

* ئاوێنە: ئێستا بەڵێنی زۆر دەدرێت کە یەکگرتنەوە نزیکە، ئەمەیان چییە؟

* پەشێو: ئەوە یەکگرتنەوە نییە. ئەوە پێکهاتنە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەدوو ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. نە دەسەڵاتی ئێرە دەیەوێت هاوپشکی هەبێت، نە دەسەڵاتی سلێمانیش ئەوەی دەوێت.

* ئاوێنە: تۆ دەڵێی بەتەنها لەسەر پارە ناکۆکن؟

* پەشێو: هەر ئەوە نییە، دەزانی دەسەڵات چەندە لەززەتی هەیە لەولاتێکدا کە نە دەستوری تێدابێت نە یاسا..! لەبەر ئەوەشە تا دەسەڵات لەدەست حزبێکی هەمەخواز و گشتخوازدا (تۆتالیتار) بێت، برواناکەم بەهیچ شێوەیەک بهێڵێ حکومەتو پەرلەمان دامودەزگایەکی راستەقینە لەکوردستان دروست ببێ. چونکە ئەو شتانە دەسەڵاتە رەهاکەی کەمدەکاتەوە.

* ئاوێنە: کەواتە چارەسەر چییە؟ چیبکرێت؟

* پەشێو: دەنگ هەڵببڕین، میدیاکان بێنە قسە. لێرە میدیاکانیش بوونەتە پاشکۆی حیزب. بۆنموونە لەمەسەلەی دەستووردا، دەسەڵاتی کوردی دەستووری پێباشبوو، ئیتر هەموو میدیاکانیش دەستوریان بەباش وەسفکرد. تۆ بڕوانە رێگەیان نەدا یەکدەنگی جدی لەتەلەفزیۆنەکانەوە دژی ئەو دەستوورە قسەبکات، لەکاتێکدا من دەزانم دەیان رۆشنبیر هەبوون ئەو دەستوورەیان رەت دەکردەوە , بەڵام بواریان نەدرا بێنە گۆ.

* ئاوێنە: بەو مانایەی تۆ پێت وانییە، دەسەڵاتی کوردی بتوانێت فیدرالی بۆ عێراق بچەسپێنێت؟

* پەشێو: دەزانی.. کولتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهیچ شێوەیەک رێگەی ئەوە نادات حکومەتێکی فیدرالی , لەسەر بنەمای مافی چارەنووس , دروست ببێت. دڵنیاش بن , دروسبوونی حکومەتێکی فیدرال پێویستی بە کولتووری دیموکراسییە , کە ئەمەش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەناوچە عەرەبیەکان کارێکی ئاستەنگە.

* ئاوێنە: بەبڕوای تۆ نەوەی نوێ نەوەیەکی یاخییە یان گویڕایەڵە بۆ دەسەڵات؟

* پەشێو: باوەڕم بەوە هەیە گەنجانی ئێستا زۆر چاوکراوەترن لەو گەنجانەی سەردەمی ئێمە. ئێمە بەزەحمەت دەمانزانی لەپشت دیواری وڵاتی ئێمەوە جێگەیەکی تر هەیە کە شوێنی ژیانە. گەنجی ئێستا لەڕێگەی ئینتەرنێتو ئەو سێنیانەی بە سەربانەکانەوە دیارن، دەزانن چی روودەدات. لەبەرئەوە پێم وانییە بێدەنگیی گەنجی کورد زۆر درێژە خایەن بێ.لە نەوەی نوێ دا هەست بە گیانی یاخیبوون دەکەم . من لەکۆڕەکانیشدا ئەوە دەبینم. لەو کۆڕەی سلێمانی زیاتر لەبیست دەقیقە کارەبا کوژایەوە، یەک گەنج جێگەکەی خۆی چۆڵ نەکرد. کە من ئەوانە دەبینم زۆر گەشبینم.ئەمە شێوەیێک بوو لە شێوەکانی پرۆتێستۆی نەوەی نوێ.

*ئاوێنە: واینابینیت حزب تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی گەنج کۆنترۆڵ بکات؟

* پەشێو: تاسەر ناتوانێت، ئەو دۆڵەی لەنێوان دەسەڵاتو گەلدایە ئێستا زۆر بەرین و قووڵە. دەسەڵات ئەگەر چاو نەخشێنێتەوە بەخۆیدا، کارلەکار دەترازێت. من زۆر دەترسم توندوتیژی پەیدا بێت.

* ئاوێنە: پێشبینی دەکەیت گۆڕانکاری لەدەسەڵاتی کوردیدا نزیک بێت؟

* پەشێو: من چاوەڕێ ناکەم هەر ئەمڕۆ دەسەڵات واز لەپێگەی خۆی بهێنێت، بەڵام من دەمەوێت لەجیاتی سەد ساڵی تر پاش پەنجا ساڵی تر دامەزراوەی دەوڵەتی مەدەنی دروست بێ.

دڵنیابن , من روشبن نیم واقیع بینم. لێرە خەڵک تەنانەت کە موچەکەی وەردەگرێت، دەبێت سوپاسی حکومەت بکات. چوار تۆپ دەنێرن بۆ قوتابخانەیەک، دەبێت منداڵەکان سوپاسی حکومەت بکەن. تەنکییەک ئاو دەچێت بۆ کەرکوک، دەبێت ئاڵای حزبی پێوە بێتو خەڵکەکەی سوپاسگوزاربن. ئەم مۆدێلەی ئێرە لەدونیادا زۆر کەمە. دەزانی.. حکومەت دەبێت سوپاسی خەڵک بکات، چونکە حکومەت بەکرێگیراوی خەڵکە و لەسەر سامانی ئەو خەڵکە دەژی.

* ئاوێنە: تۆ دەڵێیت دەسەڵاتی کوردیش هاوشێوەی بەعسە؟

* پەشێو: هەر چۆنێک بێت من دەسەڵاتی کوردیم پێ باشترە، چونکە تائێستا زمانەکەیان لێ قەدەغە نەکردووین، بەڵام بەدڵنیاییەوە سیماکانی بەعس دیارن.

* ئاوێنە: گەڕانەوەت بۆ کوردستان تووشی رەشبینی نەکردی، دوای ئەوەی زیاتر لەواقیعەکە تێگەیشتیت؟

* پەشێو: بۆ ئاگاداریت، لەدەرەوەی کوردستان وێنەکە رۆشنترە. تۆ لێرە چەند گەڕەکێک دەبینیت، بەڵام لەدەرەوە بەهۆی رۆژنامەو سایتەکانەوە وێنەکە گشتیترو گەورەترە.

* ئاوێنە: ئەگەر بێینەوە بۆ لای شیعر، تۆ لەزۆر دیداردا دەڵێیت دیوانەکەم چاپ نەکردووە، لەکاتێکدا سەدان دانە لەدیوانەکەی تۆ لەبازاڕەکاندا هەن؟

* پەشێو: ئەو دیوانانەی من لەرۆژهەڵاتی کوردستان چاپ دەکرێن، لەمهابادو سەردەشتو سەقز. ئەوانەی چاپیشیان دەکەن سەر بە دەوڵەتن. من بەبەڵگەوە ئەم قسەیە دەکەم. ئەوان هاتوون بەشێوەیەکی هەڵە دەیان هەزار دانە لەو شیعرانە چاپ دەکەن، بۆئەوەی شیعری کوردی بشێوێنن. تەنها لەبەرگی دیوانەکەدا نێزیکەی بیست هەڵە هەیە. ئەوانە تاوانبارن دەبێت تفباران بکرێن. ئەوان بەتێکدانی شیعری من دەستیان پێکردووە و دواتریش شیعری شاعیرانی تر دەشێوێنن.

ئەوەندەی من ئاگادارم ئێستا خەریکی تێکدانی شیعرەکانی هێمنی شاعیرن. من تکا لەهەموو ئەوانەش دەکەم کە خەمخۆری ئەدەبیاتی بەدبەختی کوردین، بەهیچ شێوەیەک پشت بەو دیوانانە نەبەستن، نە بۆ خوێندنەوە، نە بۆ لێکۆڵینەوە.

* ئاوێنە: ئەی خۆت کەی دیوانەکەت چاپ دەکەیت؟

* پەشێو: لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا دەکەوێتە دەست خەڵک. لەهەولێر لەلایەن دەزگایەکی چاپی ناحزبییەوە بەدوو بەرگ بڵاودەکرێتەوە.

* ئاوێنە: دوای گەڕانەوەت بۆ ئەورووپا بەچییەوە سەرقاڵ دەبیت؟

* پەشێو: یەکەم شت چاپکردنەوەی دیوانەکانم لەئەورووپا.هەروەها کۆڕم هەن لە چەند ولاتێکی ئەورووپا.



